# خاکی زێڕین

ئەحمەد دەشتی

ئەی کەرکــوکی دڵی خــاکی زێڕینی من
قوربانت بێ هەموو هەســت و ژیـانی من




کوردســـــتانم قەت بەبێ تۆ ئارام نابێ
گەر تــۆ نەبی ژینی کوردان دابیـن نابێ
ئەمڕۆ کەتۆ پەرێشان و وا ژێر دەســتەی
لە چنگ دوژمن ماڵ ڕماوو خاک ئالـودەی
ڕۆژێ هـەردێ کەرزگار و ســەربەخۆ بی



چرای ڕوون وهێمای شادیکوردستان بی
دوژمن دەرکەینکوردستانم سەربەخۆ بی
کەرکوکی دڵ پایتەختەکەی نیشتمان بی

زۆر لە مێژە دوژمنانی پەســت و تەرەس
هــاتوون لێــیان بــڕی هــەواو نە فەس
کورد دەمێکە وا چاوەڕێی شـــادی تۆیە
گشت قوربانی و خەباتێکمان یادی تۆیە
هاکا گڕی بەرزو ســـــوری بابە گورگوڕ
گــڕ بەرداتە داگیـرکــەری نـەیــار و دڕ



هۆ کەرکوکی دڵ و چـــاوو گیان و بیرم
خۆشـەویستی کوردســتانی هەر لەبیرم
زۆر نەمایە ئاڵای جـوان و بڵنـــدی کورد
شـەکاوەبێ لەسەر لوتکەو ئاسمانی کورد
باڵای بەرزی گـڕی ســووری بابەگورگور
دەبتە گولخـــەن بـۆ دوژمنی وا هارو دڕ
ڕۆلەکانت دوژمنانت گشـــت توڕ دەدەن
کڕنوش لە بۆ شـەهیدان و خاکت دەبەن
هاوارمــانە ، بــڕۆن بــڕۆن داگیرکەران
زو جێ بێلن‌شاری مەردو کورد پەروەران
کەرکوکی من خاکی جوانی کوردســتانە
زێدی مەرد و بـــراو کەس و باپیــرمانە
هەرکێ چــاوی تەماعی بێ بۆ خاکی تۆ

دەیکەین بەپەندگشت ناکەس‌ودوژمنی‌تو



بێ تۆ هەرگیز کوردســــــتانم شادان نابێ

قەت بەبێی تۆ ســـەربەخۆییم دابین نابێ

*

بەیادی ئاورەکردنی خەلکی شارە زێڕینەکەم  کەرکوکی دڵی کوردستانم 2001